# خەڵوەدگەی پیری و پیرە ڕۆحانی یەکانی شارەکەم

وام دەزانی پیاوی نهێنی خۆمم بۆ درکانی
(ڕەسوڵ هەمزەتۆف)



**ڕزگار ڕانگور**

**کەدەگەڕێیتەوە نیشتمان و بەو شەقامە قەرەباڵغ و چڵکنانەدا بەیادی جارانەوە پیاسەیەک دەکەیت ، هەموو شتێ سەرنجت ڕادەکێشێ ، داشقەی پڕ لەتەزبێح ، منداڵی دەست فرۆش خۆڵ ومقەبای ڕژاو هۆڕنی ئۆتۆمۆبێل، هێلکەی بەرهەتاو بەیەک هەڵشاخانی شۆفێرەکان پەلە پەلی ڕێبواران و ژنانی عەبا بەسەر ، رەوە عەرەبی تراکسود لەپێ، بەرێز پینەدۆزی سەفەری ، بازاڕی سەکەندهاند ، جوجکی ڕەند کراو ، مۆبایلی ناو کەواکەی دایکم و دەیان شتی سەمەرەی تر، ، لەهەمووی مەرگەسات تر ئەو پیرانەی کە دەست فرۆشن و زەمەن و هەژاری بواریان پێ نادات کە لەجێگەیەک ئارام بگرن و ئەو چەند ساڵەی تەمەنیان کەماوە بەئارامی بگوزەرێنن ، لەنزیکەوە چەند لەم مامە پیرانەم دواند ئەگەر چی ئەم دیاردەیە لەژنانیشدا هەیە، ، لێ کۆمەڵگای ئێمە تۆسقاڵێک مڕاڵی کۆمەڵایەتیمان ماوە بۆیە ژنە بەساڵاچوەکانمان کەمتر دەردەکەون ، خاڵۆ گیان ئەم تەزبێحانەت لێ دەکڕن ؟ ناوەڵا کوڕی خۆم ئەی دەستت ماندوو نابێت؟ بەردەوام باڵەکانت وا داناوە . ماندووش بێت چی بکەم کوڕم لەجێ ی خۆم هەموو شتمان هەبوو وابوینە پەندی زەمانە ، سەبەب کاری ئەم وەزعە بەپەندبێت وەک بوو، من ئارەزووم بوو خاڵۆی پیرە بدوێنم بەڵام فرمێسکەکانی ڕێگەی پێ نەدام زیاتر پرسیاری لێ بکەم .مامەگیان گوێزان بەچەندە داخۆ بژێوت باش دەکات ئەم دەستەگوێزانە ، ئەگەر بی فرۆشی هەمووی؟ بژێو بژێو بەدەست خوا یە ، کوڕی خۆم خوابۆیە ڕیشی لەخەڵک ڕوانوە تامنیش گوێزانی پێ بفرۆشم ، دیارە بەشم هەرئەوەندەیە جاران گلەیمان لەو زاڵمە هەبوو خۆ ئێستاکە خۆمانین ، هەژار هەر هەژارەو دەلەمەند هەر دەوڵەمەند تر دەبێت.. من لەناو ئاپورەی خەڵکەکەدا دەسوڕامەوە ، هەزاران خۆزگەم دەخواست و دەم پرسی لەخۆم دەشێ منیس دەسەڵات دار بومایە ئاوا بەرخوردم بکردایە ، من کابرایەکی پیر داوای لێ کردم کەپێڵاوەکانم بۆ بۆیاخ کات ، من باوکی خۆم هاتە بەرچاو شەرم دای گرتم من لەتەمەنمدا بۆیاخی پێڵاوم نەکردوە ، ئێستا لالۆگیان بەتۆی چۆن دەکەم ، دەم ووت خۆزگە ئێمەش یاسایەکمان دەبوو کارەکان بەپێ ی تەمەن دابەش دەکران ، بەڵام ئەی چی لەهەژاری دەکەیت ، خەڵوەتگەی پیریش تەشەبوسی دەوێت ، لالۆ گیان**

ئەم بارە گەورەیە بۆ بەپشتەوەیە ؟ داخۆ کورت نی یە چەنی پرسیارێکی منداڵانەم کرد ، کوڕم جارێک بە هوشترێک دەڵێن کورت بوو. لەوەڵامدا ووتی بەمن چی من باری خۆم هەر لەسەر پشتمە .



زۆر پیری ترم دواند ، من تێناگەم لەو سیاسی یە داماوانەی ئێمە داخۆ سبەی پیر نابن و جارێک لەجاران روداوێ مرۆڤێکی بەساڵاچ و ویژدانی نەهەژانون ، یان هێندە سەر قاڵن ئەم بابەتانەیان لاگرنگ نی یە . بمانەوێ و نەمانەوێ گەر قەدەر ڕێگر نەبێت هەموو بەو ڕێگەدا دەڕۆین ، دەبا هەوڵی جدی بدەین و داوا بکەین کەی خەڵوەتگەی پیرێکەی بەکرەجۆ تەواو دەکەن ، بڵێ ی سبەی ئەوان لەوی ببینین؟ یان ئەوانیش دەست دەکەنە گویزان و تەزبێح فرۆشتن ،،،،

2006دیسەمبەر